# نامەیێک بۆ دوا فرمێسکەگەرم وگەشەکانی دایکم

خەبات گۆپتەپەیی*
28 ی ئازاری 2005    ستوکهۆلم
khabatali@hotmail.com

لەکۆمەلگەیێکی وەک کوردەواری خۆماندا وەک چۆن هەروا هاتوە واشپێدەچێ هەروابروا،هیچ گۆرانێکی ئەساسی گرینگ رونەدات سەرەرای ئەوهەموو گۆرانە گەورەیە لەناوچەکەو دنیادا.دەنا دەبوایە بەلای کەمەوە مرۆڤ لەدوای مالئاواییکردنی لەژیاندا یان بەناو شەهیدبونی یەکسان بوایە. ئایا نە دەکرا یان ناکرێ پێناسەیێکی زانستی سیاسی قانونیمان هەبوایە بزانین کێ شەهیدە وکێ هەونییە. ئایا دەکرێ ژنیش، کچیش و ئافرەتیش بە شەهیدبزانین؟؟. هیوام زۆرئەو حکومەتانەی کە خاوەنی ئەوجوداکاریانەن لایەک لەومەسەلەیەبکەنەوە، یان لەوانەیە ئەوە بچێتە خانەی رابردووەوەو ئەوان بەبەژنوبالای ئێستاو سەردەمدا هەل دەلێن. وەلامی ئەم پرسیارە بۆهەمولایەکتان لێدەگەرێم. ئەوەی لێرە من دەمەوێ بینوسم، هەروەک لەعینوانەکەدا دیارە ؛ لەلایەک یادی دیمەنی ئەو فرمێسکە گەرم و گەشانەیە کە لە ئەنجامی لێکدابران و دوا دیدارو مالئاوایی من بوو کەدەگەرێتەوەبۆ 19سال بەرلەئێستا،

لەلایەکی ترەوە بەبۆنەی لەژیان بێبەریبونی خاوەنی ئەوفرمێسکە گەرم وگەشانەو پۆلێک لە جگەرگۆشەکانی کەدەگەرێتەوە بۆ14 سال بەر لەئێستا لەکاتی راپەرینە مەزنەکەی کوردستانی باشوربوو واتە لە 31 ی ئازاری ئەوسالە 1991 .
وا دیارە ئەمانە ناچنە خانەی شەهیدانەوە دەنا دەبوایە ئەوانەی لافو گەزاف بە خوێنی شەهیدان لێدەدەن ، دەبوایە بەلای کەمەوە یادیان بکردنایەتەوەو لە شوێنێک ناویان بهاتایە یان مرۆڤایەتی دەسەلاتدارەکانی ئێمە خەلکی تریان یان هەست و ئەحساسی کەسانیتریان بۆ گرینگ نییە.

نازانم بۆ دەبێ مەزاری هەندێک ئەوەندە پیرۆز بێ کە هەرچی بەو ئاقارەدا بروا دەبێ زیارەتی بکا . هەندێکیش بەکۆمەل شەهید دەبن دەبێ نا ویان نەبێ و تەنانەت گۆریشیان نەبێ. ئایا دایک مرۆڤ نییە؟، خوشک مرۆڤ نییە؟ مندالی شیرەخۆرە،مێرمندال مرۆڤ نییە؟

ئایا خوێنی ژیانی هەشت کەس،هەشت مرۆڤ شایەنی یادکردنەوە نییە؟ ئەی ئەگەر ئەوانیش گرنگ نەبن هەست و مەشاعیری کەسوکاری ئەوان گرینگ نییە؟ لە کوێ ی ئەم دنیایەدا مرۆڤ ئاوا سەیردەکرێ؟ لە کوێ جیاوازی و نا بەرامبەریەکان ئاوا زەق و گەورەن؟
بەلام گوناهوو ئۆبالی من و ئەو شەهیدانە چییە، کە دەسەلاتدارانی ئێمە نابینن و نابیستن.شەهیدیش بە چاویلکە ی جیاواز سەیردەکرێن و بەسەر چەندین چین چینی جیاواز دابەشکراون و زۆربەی هەرەزۆریان لەچینی نەبونیدا یان لە چینی هەرەژێرەوەدا نالەیان دێ؟

> وەک میللەتی کورد لەهەموو میلەتانی دنیا زیاتر خەممان دیوەو چێشتوە بەلام لە هەموان کەمترمان بۆ نوسییوە ، کەمتر لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە، کەمتر خراوەتە بەرباس ولێکۆلینەوە. هەلبەتە بابەتەکەی من لێرە لێکۆلینەوە لەسەر خەم نییە بەلکو کاریگەری خەمە لەسەر هەست و ئەحساسی من بەرامبەر بەورووداوە. لەگەل ئەوەشدا پێناسەیەکی کورتی خەم دەکەم.
>
> زۆربەی لێکۆلەرەوەکان پێیان وایە خەم : کاردانەوەی ئەو هەست و ئەحساسە سروشتی و ئاساییەیە کە لە کاتی لێکەوتنی زەرەرو خەسارەتدا روودەدا. خەم هەموو ئەوبیرو هەستانەیە کە زەرەرمەندی لەناخماندا دەیروێنێ و بەئاگایدێنێ.

خەم ئەو هەستە بەهێزەیە کە تەجروبەیدەکەین لە کاتی لەدەستدانی ئازیزێک ، خۆشەویستێک یان کەسێکی نزیک لەخێزانەکەمان. کاتێک کەسێکی وا نزیک لە دەست دەدەی پەیوەندیەکی نزیک و چڕوخەست دەپچڕێ و هەست بەبۆشاییەکی گەورەدەکەی لە دەوروبەرت. دەڵێن چەند مرۆڤ هەیە ئەوەندە کاردانەوەش بۆ خەم هەیە. ئەگەر ژیان و تەمەن ڕێگا بدەن لەداهاتودا دەمەوێ زۆر لەسەر ئەوبابەتە بکۆڵمەوەو بنوسم.

لێرەدا دەمەوێ کەفوکولی خۆم برێژم، خەم و خەون ومەعانات و ڕازی دەرونم دەربڕم. زۆر پرینسیپ و باوەری بەتین و بەرزم هەبوو لە ژیانمدا ، چەندین خەون وهیواو ئاواتی گەرمو گەشم هەبوو یەک لەوان لەورۆژەی کەبڕیارم دا ماڵئاوایی لەووڵات وهەرچی خۆشم ویستوە بکەم ، کەبووە بناغەی نالەی جودایی ، بووە مایەی ڕژانی ئەوفرمێسکە گەرموگەشانەی دایکم ، بەلێنیشم دا بەهەرنرخێک بێ دەبێ بەدیدارتان شادببمەوە بۆ ئەوبەلێنە هەمیشە دەسوتام و ئاسۆم بەڕونی دەدیت بەڵام هەموجارێکیش کە بیرو یادی ئەودیمەنەم دەکردەوە دوودلییەک دایدەگرتم ، چونکە ئەوفرمێسکانە ئەوەندە بەزۆری و بەگەرمی و بێدەنگی وگەشی و ڕوونی بەخوڕ دەهاتنە خوارێ وەک ئەوەی بەنهێنی یان بەناڕاستەوخۆ پێت بلێ کەر لەکوێ کەوتوە و کوندەلەکوێ دڕاوە ، بۆ من هەمیشە مایەی نیشانەی پرسیار بوو ئە ودیمەنە. بەڵام هەرگیز لەو بروایە دانەبووم کە ناتوانم بەلێنەکەم جێ بەجێ نەکەم و بە دیداری هیچ یەک لەو خۆشە ویستانەم بۆ هەتاهەتایە شادنابمەوە.

بەڵێ لەدەستدانی هەشت کەسی خۆشەویست و نزیک و ئازیزو بێ تاوان بەراستێ لەتوانای وشەی خەمدا نییە ئەم مانایە لە خۆیدا بگرێ، لەتوانای هیچ وشەو نامەو نوسراو ڕۆمانێکدا نییە ئەم تەعبیرە لەخۆبگرێ، لەتوانای مرۆڤ دا نییە خۆی لەبەر کارەسات و ڕوداو و زەرەرێکی وادا بگرێ هە ربەبیستنی ئەگەر هیچی تۆش نەبن توشی سەدمەیەک و کاس بون وتاسەیەک دەبی ، ئەی بۆ من دەبێ چۆن بێ ، دەبێ چ ناسۆر و برین وکەسەرێک بێ دەبێ مایەی چ شیوەنێکی بێدەنگی دەرونی بێ، دەبێ مایەی چ جەرگ سوتان و وردە وردە تاوانەوەی ناخت بێ، دەبێ مایەی چ تاقەت و هێز هەڵپروکانێ بێ، دەبێ مایەی چەند هەناسەی ساردو چەندین راچەنین و فرمێسکی بێدەنگی تەنیایی و ژارو ژانێک وئازاروتیراوێک بوبێ. چەندین ساڵ بوو زاتی باسکردنیم نەبوو لەگەل کەسیتر ، زاتم نەدەکرد لەگەل ئەو تاکە خوشکەی کە ماوەمەو براکانی ترم باسیانبکەین ، بەلام هەر کەس لە ناخی خۆی دا وەک چرایەک سوتاوەو دەسوتێ، بەڵام بۆ من کاردانەوەکەیەکی زۆر تایبەتی هەیە ، بۆ من دایکم مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو ، دایکم بۆ من تەنها دەوری دایکی نەبوو ، تەنها ڕەمزو نیشانەی نابەرامبەری کۆمەلایەتی کوردەواری نەبوو بەس بەلکو بۆ من سەرقافلەو پێشەنگی مرۆڤایەتی و ویژدان و هەوێنی بیری یەکسانی نێوان نێرو مێ بوو. ئەم باسە بۆ من بێ کۆتاییە و لەکات ودەرفەتی خۆی دا حەقی خۆی دەدەمێ.

جاران لەگەڵ خەم وخەونەکانی مامۆستا هێمن مهابادی زۆر ئاشنا بووم پێم وابوو لە نالەی جودایی دا سەرەڕایی ئەو هەموو خۆشەویستیەم بۆی زۆر لەخۆکردنی تێدایە کە بەتەجروبە و بەحەقیقی دیتم پێم وابوو کەمی بۆنوسیوە و باش نەچۆتە ناخی و جگە لەوەش هیچ نالەی تەنهای تێدانیە ، سەرەرایی ئەوەش مامۆستا هێمن لە دواتەمەنی دا بە کۆمەلێک لە هیواکانی شادبۆوە بەلام من نا ئەو ئاوات و ئومێدانەم زۆربەیان بوونە کوڵ وکەسەر ، لەوانەیە خوێنەری وا هەبێ بەناحەقی بزانێ کە خۆم لەگەڵ ئەو دا بەراورد بکەم نا بەدڵنیيایەوە ئەوەندەم مامۆستا هێمن خۆشدەوێ ناتوانم بەراوردی وابکەم ، ئەوەی کە دەمەوێ بیکەم ئەوەیە کە خەم و ئازارو ژانەکانی خۆم بە باسکردن و هەست ونەستەکانی ئەو بۆ خەم وکەسەر بگرم نەک زیرەکی وبلیمەتی ئەو ، چونکە ئەویش مرۆڤێکی دەربەدەری کورد بوو هەر بۆیەش دەکرێ چەندین خەسڵەتی هاوبەشمان هەبێ. ئەو لەگەرمە شین دا دەڵێ؛

بۆشەهیدێکی کەگەوزیوە لەنێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤالێکی کەچوو بێ سەروبێ شوێن دەگریم

هونەرمەندێک ئەوگەرمە شینەبکا بۆ هەڤالێکی من دەبێ چ بکەم، دەمەوێ یادو شینێک بکەم کەس نەیکردبێ، نەک لەبەر ئەوەی من لەخەلکی تر بەتواناترم یان زیرەکترو دلسۆزترم، بەڵکو لەبەرئەوەی کەس وەک من یان ئەو کاردانەوەو شێوەی منی نەدیوەو نەیچێشتووە . دەمەوێ بەڕۆژی روناک بێ ئەوەی بنوم خەوببینم، چونکە لەوێ دا دەتوانم دنیایەک دروست بکەم کە جائیزە، کە ئیمکانی هەیە، دنیایەک وەک بەهەشتە بێ بەڵگەکەی دین، وەک دنیای یۆتۆبیای مارکس. لە خەوندا بۆت هەیە بفڕی بێ ئەوەی باڵت هەبێ، مەلە بکەی بێ ئەوەی بخنکێ ی یان مەلە بزانی، بەغار سەرکەوی بۆ سەر دوندو بەرزایی وچیا بێ ئەوەی ئارەقەو هەناسکەبڕکێ پەکت بخا، لەبەرزای وچیاو شاخ هەلدێریی بێ ئەوەی لەش وگیانت بکوترێ و شین بێتەوە.لەوێ دا دەتوانی پڕ بەدلبگری و هاواربکەی و بێ ئەوەی کەس کاس وئیزعاج بێ، دەتوانی لەوێدا تا خوێنی چاوت دەڕژێ فرمێسکی گەرم وگەش دابارێنی بێ ئەوەی شەرمبێ چونکە کوڕی.
لەوێ دا دەتوانی دەست لەملان و ئاوێزانی نهێنییەکانت بی و، بەدیداری ئەو ئازیزو خۆشەویستانە شادبی کەمەحروم بووی لەدیتنیان، منیش لێرەدا ئەوەیانم مەبەستە، لەدوای ئەوخەونە عەوداڵ وشەیدام کە بمباتەوە ئەو دنیایەی دایکمی تێدایە، ئەودنیایەی ئەوی لێ بووە، لەوشوێنەی کەهەست دەکەم نیوەمرۆڤ نیم، تەنها لەوێدا و لەوخەونەداو لەگەڵ ئەودا هەست دەکەم وەک مندالێکی ساوا ئارام دەگرمەوە، ئەوپەڵە ڕەشەی سەرڕوحم و ئەوهەورە چڵکن وڕەشەی سەرژیانم دەڕەونەوە.

تام ونۆشی زوخاو کەسەرو خەمم کردوە دەزانم چ کاریگەریەکیان لە سەر مرۆڤ هەیە، دەزانم چۆن دەست لەدڵت دەنێن، فرزەت لێ دەبڕن، دەبنە مایەی دودڵییەکی بێ سنور، چاوەروانییەکی بێ کۆتایی، مۆرکێکی هەتاهەتایی بەژیانتەوە دەنێن، هەست بەبێدەسەڵاتیەکی بێ ڕادە دەکەیی.

ئەو تاسەوبیرکردنەوانە ئەوەندە بەهێز دەبن، حەزی دیداریان ئەوەندە بەتین بۆت دێن خەریکە لەدەست وپێت دەخات، خەریکە دلت دەردەکا بەڵام قەفەزەی سینگت بەهێزو ململانێیێکی زۆرەوە ڕێگای دەگرێت و لێدانی دلت ئەوەندە زۆر دەبێت هەتا دێن دەست لە ئەوکت دەنێن و دوایی دەبنە فرمێسک وپەنگ دەخۆنەوە.
هەندێک جار هەزاران پرسیار هێرش بۆ هەستەکانت دێنن، بۆ ئەوە ڕۆیدا؟ چۆن ڕوویدا ؟ کێ سەبەبە لە رووداني کارەساتێکی ئاوا گەورە ؟ بۆ دەبایە لە من ڕووبدا ؟ بۆ ئەوهەمووە لەیەک خێزان؟ هەستیان بەچ دەکرد لەو کاتی ؟ دەبێ چ ترسێک دایگرتبن لەوکاتەدا؟ لەبەرچی دەبێ مندالێک هێشتا ژیانی نەدیووە ئاوا سزابدرێ؟ بەڵێ ئەوپرسیارە بێ وەلامانە لەژمارە نایەن، بەبێ ویستی خۆت بێ مناسەبە بێ لەبەرچاوگرتنی کات وشوێن بەسەر هۆش وڕۆشنبیری ومەنتیق ومێشکت دا زاڵ دەبن.

چ لەو هەموو وشەو قسانە بکەم کەپێڕانەگەیشتم بیان کەم وپێیان بلێم ؟ ئەو هەموو خۆشەویستی و رقەی دەرم نەبریون، ئەوهەموو تاسەو بیرکردنەی کەلەناخم دا دەژیێن، ئەوهەموو هەستەی لەناخمدا دایساون و دەسوتێن ؟؟
خەم حالەتێک نییە بێ وببڕێتەوە پڕۆسێسیکی زۆر دوورو درێژ وبێپسانەوەیە، زۆر ئالۆزە هەر ڕۆژەی جۆرێکە.
لەوانەیە لەزۆر جێگا بنوسم من یان ئێمە لەبەرئەوەی لەزۆر جێگە لەگەڵ تۆی خوێنەرو هاوزمانم جیاوازم لەهەمان کاتدا لەزۆر شت وخەسڵەتیش دا هاوبەشین، لەوانەیە وەک من ئازارو مەینەتی ژیان و، دەربەدەری و دابڕان و دووری عەزیزانت یان لەدەستدانی عەزیزانت دیبێ، یان بێحورمەتی کوردبون و

**بێناسنامەی کوردبونت دیبێ ، یان لەناو زێدو دیاری خۆت و وڵات و نیشتمانەکەی خۆت دا هەستی نامۆیت کردبێ یان بەبێ ویستی خۆت ئەو هەستەت بۆ دروستکرابێ. لەهەمان کاتدا جیاوازین لەبەرئەوەی لەوانەیە لایەنە کۆمەلایەتیەکەی من زۆر جیاواز بێ ، لەوانەیە تۆ لەئامێزی خۆشەویستی و لەدنیای خۆشی منداليتدا دانەبڕابیت، لەوانەیە تۆ لەئامێزی سۆزی خۆشەویستی بابایەتیدا بێبەش و بێتەجروبە نەبی، لەوانەیە چەپلەی خۆشی وگروگاڵ و گاگۆلکێ و پێگرتنت بۆ لێدرابێ،**

**لەوانەیە ئامێزی ئارامی و ئاسایشی سەردەمی منداليت لەخێزانەکەت ئاواڵەبوبێ، راستە دایکم قسوری نەبووە هەمیشە پشت و پەناو مایەی ئارامی بووە بەڵام لەبەر زۆری ئەرک و کارو فەرمان کوا کاتی ئەوەی هەبووە، زولمی نابەرامبەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی پەترياركاری و کولتوری ئیسلامی زۆر ژنە هەر لە زوێکەوە ئەومرۆڤەی کەدایکم بوو چارەنوسی دیارکرابوو، هەرچی زولمی ئەو سیستەمە نابەرامبەرەی پاترياركاری واتە باب سالاری کەلەسەربنچینەی نایەکسانی ژن وپیاو دروست بووە لەوخێزانەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ ژن دەبێ دوور لەویستی خۆی مێرد بکات، زیاد لەپێویست و تاقەتی، کاری زۆرو تاقەت پڕوکێن، بێبەشداری لە بریارو کڕین و ویست وحەزو ئارەزوەکانی، لەلایەکی ترەوە هەر زوو تاوانی جێبەجێکردنی کەلتوری هەوێباری بەسەر ئەومرۆڤەدا سەپاوە کە تاکە ئامێزو پشت وپەناو خۆشەویستی من بووە، دوورلەویست و ئیرادەی خۆی تەجروبەی ئەم ناحەقیان پێکردووە.**

**ئەگەرچی سیستەمی سیاسی، ماڵ، زۆربەی خێزانی کوردەواری ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پلەی پەترياركاری لەخێزانێک بۆ خێزانێکی تر جیاوازە، بە ڵام لەو خێزانەی کەپلەکەی تێدا بەرزە و کولتوری ئیسلامی تێدا زاڵ وباڵادەستە ئەوە زولمەکەی تێدا بەرزترە و هەلبەتە لە ناو ژینگەو کەشو هەوایەکی ئاوات بۆ سازبێ و تێیدا بژی بەدلنیایەوە لە زولم ونابەرامبەری وبەدبەختی شتێکی تر چاوەرێت نابێ،**

**بەلێ ئەم زروف و ژینگەی دایکم لە منداڵییەوە بووە مایەی پرسیارو هەستم بەئەرکێکی گەورە دەکرد کەدەبێ بیری مرۆڤایەتی و یەکسانی و دژایەتی کردنی نابەرامبەری و جوداکاری، دژایەتی کردنی هەر سیستەمێک کەلایەنگیری لەو خەسڵەت و قانونانە دەکات لە پێشەوەی هەمویان سیستەمە گۆڕبەگۆڕەکەی سەدام حسێنی خوێن رێژ بەئەرکێکی پیرۆزو مقەدەسم دەزانی.**

**خوێنەری خۆشەویست کە دەڵێم ئێمە دەزانم تۆش وەک من یەک نیشتمان و زمان وخاکمان هەیە بەڵام تۆش بەهەمان شێوە خەون بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی، سنورێکی دیارو ئاڵایەکی شەکاوە دەبینی.**

**دەزانم گەلێک لە ئێوەش وەک من دەزانن کەکۆمەلێک سەرکردەیی پەترياركمان هەیە کە بوونەتە مایەی ئەوەی نەک هەر هەست بە خۆشەویستی وڵاتەکەت نەکەیی بەڵکە خۆت بەنامۆ دوورە پەرێز بزانی. بەڵام کە هەست بەبوون و وجودی خۆت ناکەی وخۆت بەنامۆ دەزانی پێەیست ناکات بەو مانایە بێت کەتۆ دیارنی یان کەس ناتبیستێ، بەڵکو زۆربەی جار بەومانایەدێ کە خەلکانی تر بەهۆی هۆکاری جیاوازاوە تواناو قودرەتی ئەوەیان نییە ببیستن و ببینن.**

**لەکۆتایی دا دەمەوێ بەوپرسیارە کۆتایی بێنم بلێم ئایا خۆشەویستی کەببێتە مایەی ئەو هەموو خەم و زوخاو کەسەرە ئەوەدێنێ و ئەوبەها زۆرەی هەبێ، پرسیارێکی گران و زەحمەتە دوورنی یە وەڵامەکەشی**

مەحاڵ بێ بەڵام ئەوە دەڵێم من نەلە خۆشەویستیان و نە لە خەم و یادو بیرو خەسرەتیان پەشیمانم و یادیشیان بەرزو بڵندو بەرێز رادەگرم.

---

* گوندێکە لەنێوان کۆیە و هەولێر لە نزیک شەریکەی نەوتی شیواشۆک بۆیە ئیشارەم پێ دا چونکە زۆر گوندی تر بەناوی گۆپتەپە هەیە.